# شاندێکی پەرلەمانی ئەوروپا سەردانی کوردستانیان کرد



**ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی٢/٢٠٠٥ شاندێکی پەرلەمانی ئەوروپی کە پێک هاتبوون لە کە کۆڤەرنی و ئەندرا بری ئەندامی ئەنجوومەنی دەرەوەی پەرلەمانی ئەوروپا پاش ئەوەی سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد و لەمیانی سەردانەکەدا پەرلەمانی کوردستان و شاری هەڵەبجەی شەهیدیان بەسەرکردەوە و لە مۆنیمێنتی شەهیدانی هەڵەبجەدا تاجە گوڵی وەفاداریان لەسەر یادگاری شەهیدان دانا لە گەڕانەوەیاندا لە ئوتێلی هەولێری نێودەوڵەتی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیان بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن سازکرد.**

**ڕاپۆرت /نامق هەورامی**

### ئامانجی سەردانەکەیان

**سەرەتا بەڕێز کۆڤەرنی گوتی:** زۆر خۆشحاڵین بەسەردانی هەرێمی کوردستان ، دەمەوێت لێرەدا باس لە سێ مەسەلەی گرنگ بکەم کە پەیوەندییەکانی کورستان و عێراق و یەکێتی ئەوروپا بۆیە پێویستە یەکێتی ئەوروپا زیاتر هاوکاری عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی چونکە هەرێمی کوردستان کلیلی گۆڕانکاری و بە دیموکراتیزە کردنی عێراق و ناوچەکە و عینایی ئێمە پەیوەست بووە بە مەسەلەی ئاسایشەوە لە ناوچەکەدا.



**کۆڤەرنی**

ئەمڕۆ کە پرۆسەی یەکگرتنەوەی هەر دوو ئیدارەکە لە ئاردایە مایەی دڵخۆشی و هاندەری ئێمەیە بۆ زیاتر ڕووکردنە ناوچەکە و کارەکانمان زیاتر ئاسان دەکات.

یەکێکی تر لە ئەرکەکانی ئەم شاندەی ئێمە کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان کۆ بکەینەوە.

لەم سەردانەدا جۆرێک دڵخۆشی خەڵکی ناوچەکەمان بینی لە بارودۆخەکە بەڵام داوای هاوکاری زیاتر دەکەن و ئەوەی کە هەستمان کرد لێرە مەسەلەی نەبوونی سیستمی بانکی و نەبوونی تەئمی

### سەردانی هەڵەبجە

**کۆڤەرنی لە میانی باسکردنی شاری هەڵەبجەدا گوتی: ئەو** سەردانەمان بۆ هەڵەبجە سەردانێکی ئاسایی نەبوو بۆ سەیرکردن ئێمە بەر لەسەفەرەکە لەو بڕوایەدا بووین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاری و قەربووی زیان لێکەوتوانی ئەو کارەساتەیان کردبێت کە بینیمان هیچی ئەوتۆ نەکراوە بۆ ئەوشارە خەڵکی هەڵەبجە داوای هاوکاری مادییان لە ئێمە نەکرد هێندەی داوای یارمەتی لۆجستی و داو ودەرمان و کەرەسەی پزیشکیدا چڕ بوبویەوە.

دیارە ئەو کارەساتەی بەسەر هەڵەبجەدا هاتووە نموونەی قوربانیدانی خەڵکی کوردە.



ئەندرا بری

**هەروەها بەڕێز ئەندرا بری لەمەڕ سەردانەکەیەوە بۆ هەڵەبجە گوتی:** سوپاسی گەلی کورد دەکەم بۆ ئەو میوانداریەی لێیان کردین لێرەدا داوەکارم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهانای قوربانیانی هەڵەبجەوە بێن وەک ئەرکێکی مرۆڤانە.

زۆر فیلم و وتار وێنەم لەمەڕ کارەساتی هەڵەبجەوە دیوە، بەڵام لە هەڵەبجە ڕاستەوخۆ لەگەڵ قوربانیانی ئەوشارەدا قسەم کرد لە نزیکەوە و ئێستا زیاتر جەخت لەوە دەکەمەوە کە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لێبڕاوانە بەهانای ئەو شارەوە بێن.

### حکوومەتی کوردستان و دامەزراوی مەدەنی

**ئەندرا بری لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:** ئێمە لە کوردستان ئەزموونێکی دیموکراسیانەی باش دەبینین هیوادارم زیاتر گەشە بکات و لە دیدارماندا لەگەڵ بەرپرسانی ئێرەشدا کە گفتوگۆمان کرد و بە لێینیان دا زیاتر گەشە بەو ئەزموونە بدەن و ئەوانیش کاتی زیاتریان دەوێت هەرچەندە لە ماوەی ئەو سیانزدەساڵەی حوکمڕانی خۆیاندا کاری باشیان کردوە و لە عێراقیشدا ئەمڕۆ ڕۆڵی پێشەنگ و بونیادنەرەوەیان هەیە.

ڕۆژی پێنج شەممە لەگەڵ ڕۆژنامە ئازادەکانی سلێمانی کۆبووینەوە لە میانی قسەکانیاندا ڕەخنەیان لە دەسەڵات دەگرت ئەمەش حاڵەتێکی ئیجابییە کە خەڵک ڕەخنە بگرن بەتایبەت لە لایەن میدیاوە لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگەکان شێوەی پراکتیکی دیموکراسییان جیاوازە.

هەر لەم مەسەلەیەدا کە مەسەلەی کۆمەڵگەی مەدەنییە پێویستە زانکۆش ڕۆڵی کارای هەبێت و یەکێتی ئەوروپاش پێویستە خولی مەشق و ڕاهێنان بکاتەوە.

### ماددەی ٥٨ و تێڕوانینی یەکێتی ئەوروپا

شاندی پەرلەمانی ئەوروپا ڕایگەیاند کە لەم ماوەیەدا زۆر بەگەرمی باس لە چەسپاندنی ماددەی ٥٨ دەکرێت بە بڕوای ئێمە چەسپاندنی ئەم ماددەیە زامنی چەسپاندنی دەستوورە لە عێراقدا و سەقامگیری دەداتە ناوچەکە.

ئەوروپییەکان بە بایەخەوە لە چەسپاندنی ئەو ماددەیە دەکەنە و هاوکاری سەرخستنی دەبن.

### کردنەوەی نوسینگەی یەکێتی ئەوروپا لە کوردستان

**ئەندامانی شاندی یەکێتی ئەوروپا لەمەڕ نەکردنەوەی یان دواکەوتن لە کردنەوەی ئۆفیسێکی**

**یەکێتی ئەوروپا لە کوردستاندا گوتی:** دەبوایە پێشتر ئەم هەنگاوە بنرایە بۆ ئەوەی پەیوندییەکە لە نێوان یەکێتی ئەوروپا و کوردستان پتەوتر بێت و دەکرا لێرەدا پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمانی ئەوروپا و بەغدا گەرمتر ببونایە، لە لایەکی ترەوە ئەو نوسینگەیە چاودێری چەسپاندنی ماددەی ٥٨ی بکردایە.

### لە وەڵامی پرسیاری میدیاکاندا

**لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەکارەساتی هەڵەبجە و هەڵوێستی یەکێتی ئەوروپا یەکێک لە ئەندامانی شاندە کە گوتی:** خۆمان بەشەرمەزار دەزانین بەرامبەر بەو کارەساتە کە ئەو کاتە و ئێستاش دوای ١٨ساڵ یەکێتی ئەوروپا نەیتوانیوە شتێک بۆ قەرەبووکردنەوە و ئاوەدانی ئەو شارەی نەکردووە و دەبوایە زیاتر توێژینەوەیان لەسەر پاشماوە و خاک و سروشتی ئەو شارە بکردایە.

**لە وەڵای چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵاندا سەبارەت بە دادیگایکردنی فرانس ڤان ئانرات و کاریگەری ئەو دانپێدانانەی بازرگانی مەرگی هۆڵەندی تا چەند کێسی تاوانباری سەدام بەهێز دەکات، کۆڤەرنی گوتی:** ئەوە لەو دادگاییەی فرانس ڤان ئانراتدا بینیمان کارێکی باش بوو چونکە ئەوەتە بە تاوانی هاوکاری سەدام حوکم درا ئەدی خودی تاوانبارەکە دەتوانێت نکۆڵی بکات؟

لە وەڵامی دوایین تێڕوانینی شاندەکە لەو ڕاپۆرتەی دەیداتە پەرلەمانی ئەوروپا کۆڤەرنی گوتی: ئەو گۆڕانکاری و پێشڤەچوونەی لە کوردستاندا هەیە ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکەمان دەبێت بۆ یەکێتی ئەوروپا و هەوڵ دەدەین زیاتر هاوکاری بکەن لە بونیادنانەوەی کوردستاندا.

**بەڕێز (ئەندرا بری)یش گوتی:** بە پەرلەمانی ئەوروپا دەڵێین ئێوە وەک پێویست هاوکاری کوردەکانتان نەکردووە، بەڵام یەکێتی ئەوروپا لەمەڕ کوردەکانی ئەوروپا هەنگاوی باشی ناوە، ئەندامییەتی تورکیای لە یەکێتی ئەوروپادا بەستووەتەوە بە باشکردنی گوزەرانی ژیانی سیاسی و کەلتووری و ئازادی کوردەوە لەو وڵاتەدا.



بورهان جاف

کاتێک لە ئەوروپا سەیری هەواڵەکان دەکرێت تەنیا باسی کوشتن و شەڕ دەکرێت، بەڵام پاش هەفتەیەک مانەوەمان لەکوردستاندا بۆمان دەرکەوت تەنیا لێرە شەڕ نییە بەڵکو لەکوردستاندا ئاوەدانکردنەوە و سەقامگیری و ئاسایش و ئارامی هەیە و هەوڵی جدی دەدەین بۆ کردنەوەی ئۆفیسێک لە کوردستاندا.

**هەر لە پەراوێزی ئەم کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەدا لە بەڕێز بورهان جاف بەرپرسی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەوروپامان پرسی و بەڕێزیان گوتی:**

- ڕۆڵی نوێنەرایەتی حکومەتی کوردستان لەدەرەوە نیمچە باڵوێزخانەیەک بوون، لە ڕاستیدا پاش پرۆسەی ئازادی عێراق ڕۆڵەکە دەگۆڕدرێت چونکە لە دەستووردا دیاری کراوە کە لە هەر باڵیۆزخانەیەک بەشێکی تایبەت دەبێت بە کاروباری کوردستانەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ هەنگاوێک نەنراوە هیچ پەیوەندییەکی فەرمیمان لەگەڵ باڵیۆزخانەکانی عێراقدا نییە جگە لەو باڵیۆزخانانەی کە باڵیۆزەکانی کە کوردن یان دۆستی نزیکی خۆمانن، تا دەستوور ئەو چوارچێوە و شێوەی کارە دیاری نەکات نوێنەرایەتی قونسولییەتەکانمان لەکاردا بەردەوام دەبن.

- ڕۆڵی ئێمە تایبەتە بە باشووری کوردستانەوە و هەندێک جار لۆبی کوردی لە پەرلەمانی ئەوروپادا پرس و ڕامان پێدەکەن.

کاری نوێنەرایەتی حکومەتی کوردستان لەیەکێتی ئەوروپا کاری سیاسییە و تەواوی کارەکانمان بۆ خزمەتی گەلی کوردستانە وەک هەرێمی (وێڵس، سکۆتلەندا، باسک) وەک ئێمە نوێنەرایەتیان هەیە.

ئێمە لەسەرەتاوە گرفتمان زۆر بوو، جۆرێک تێنەگەیشتن لەلای ئەوان هەبوو چونکە لەدەرەوە PKK دامەرزاوەیەکی بەناوی پەرلەمانی کوردستان دامەزراندبوو لە برۆکسل، لەیەکێتی ئەوروپا جودایان نەکردەوە لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان لە باشوور.

لەوەش گرنگتر پێویست بوو لەناوەندێکی گەورەی ئەوروپی ئێمە بوونمان هەبوایە چونکە پاش نیویۆرک برۆکسل دێت لەناوەندی بڕیاری جیهانیدا و زۆر ڕاستی کوردستانمان گەیاندە پەرلەمانی ئەوروپا.

لە بواری ئابووریشەوە لە ساڵی ١٩٩٨-١٩٩٩ بڕێک پارەیان تەرخانکرد بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و لەو میانەدا کاری نەخۆشخانە و کەمپی ئاوارەی پێ دروستکرا. لەسەر ئاستی عێراقیش ئێمە هەندێک جار ڕۆڵی باڵیۆزخانەی عێراقمان دەگێڕا چونکە لەسەردەمی ڕژێمی لەناوچوودا باڵیۆزخانەکانی عێراق پەراوێز خرابوون.

- پێش پرۆسەی ئازادی عێراق، ئەوروپا ئەو گرفتەیان هەبوو دەبێت بڕیاری جەنگ لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشەوە بدرێت، زۆربەی هەرە زۆریان کۆک بوون لەسەر ئەوەی سەدام دیکتاتۆرە، بەڵام پێیان وابوو گۆڕینی دیکتاتۆر بە بڕیاری نێودەوڵەتییەوە بێت و لەوەش گرنگتر ئەوەیە ئەوانە کۆک بوون لەسەر ڕەوایەتی کێشەی کورد و گەیشتن بە مافەکانی و هیچ ناکۆکییەک نەبووە لەو دوو مەسەلەیەدا بەڵام شەرعییەتی شەڕ و ئاشتی دەبێت جیهانی بێت.

مەسەلەی سیاسەتی دەرەوەی ئەوروپا وەک یەک نییە هەر بۆیە هاتنی ئەم شاندە جۆرێکە لە دڵنیابوون لەباری سەقامگیری کوردستان هەروەک لە ڕابردوودا بە فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان ناسی.

لەلایەکی ترەوە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە هۆکارێکی تری سەردانی ئەم شاندە بوو کە سەردانی پەرلەمانی و شاری هەڵەبجەی شەهیدیان کرد و زۆرێک بەرپرسی هەردوولایان بینی و ئەم سەردانە سەرەتای هەنگاوێکی باشە بۆ دۆستایەتی و تێڕوانینی باشیان لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، ئەوەشمان لەبیر نەچێت سیاسەتی تازەی ئەوروپا تەنیا مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتان ناکات و بەرەو هەرێم و نەتەوەکان هەنگاو دەنێت وەک ئەوەی لە کۆسۆڤۆ دەبینرێت.